# الولاء والبراء له ئیسلام دا

[ كردي – كوردی – kurdish ]

دانراوی

شێخ صالح الفوزان

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( الولاء والبراء في الإسلام )

« باللغة الكوردية »

فضيلة الشيخ: صالح بن فوزان الفوزان

الترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# الولاء والبراء له ئیسلام دا

## پێشەکی :

الحمد لله والصلاة والسلام على نبينا محمد واله وصحبه ومن اهتدى بهداه، وبعد :

بێگومان پاش خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی ( صلى الله عليه وسلم ) پێویستە خۆشەویستیمان بۆ تەواوی ئیمانداران وموسڵمانان بێت ورق وکینەشمان لە بێباوەڕان ودوژمنانی خودا بێت، ئەمەش تەنها لەبەر ڕەزامەندی ئەو زاتە پیرۆزە .

لە بنەماکانی بیروباوەڕی ئیسلامیش ئەوەیە هەموو موسڵمانێك واجبە لەسەری کە ئەو باوەڕە لە هزریدا بچەسپێت کە خۆشەویست وپشتیوانی ئیمانداران بێت ونەیاری ئەهلی شرك وبێباوەڕان بێت، ئەمەش مرۆڤی باوەڕدار دەخاتە چوار چێوەی ئاینەکەی ئیراهیمی باوکی پێغەمبەرانەوە، کە فەرمانمان پێکراوە شوێن پێی هەڵبگرین، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ( **قَد كَانت لَكُم أسوةٌ حسنةٌ في إبراهيم والذين معه إذْ قَالُوا لقَومهم إنا برآءُ منكُم ومما تعبدونَ من دون الله كَفَرنا بِكُم وبدا بيننا وبينكُم الْعداوةُ والْبغضاءُ أبدا حتى تؤمنوا بِالله وحده إلا قَولَ إبراهيم لأَبِيه لَأستغفرن لَك وما أملك لَك من الله من شيءٍ ربنا علَيك توكلْنا وإِلَيك أَنبنا وإِلَيك الْمصير (٤)**) [الممتحنة:٤]

واتە : ئەی ئیمانداران، بەڕاستی لە ئیبراهیم وئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون نمونەیەکی چاکتان خراوەتە بەرچاو، کاتێك کە بەقەومەکەی خۆیانیان ووت : دوای ساڵەها بانگەواز، ئێمە بەرین لە ئێوە ولەوشتانەش کە لەجیاتی خوا دەیپەرستن، ئێمە باوەڕمان بەو دین وئاینەی

ئێوە نیە، ئیتر دوژمنایەتی ورقەبەرایەتی لە نێوانماندا بەرپا بووە تا ئەو کاتەی کە باوەڕ بەخوای تاك وتەنها دەهێنن .

ئەمەش هەر ئەو ڕێنومایانەیە کە خــوای گـــــەورە ناردویەتی بۆ محمد المصطفى ( صلى الله عليه وسلم ) وەك دەفەرموێت : ( **يا أيها الذين آمنوا لا تتخذُوا اليهود والنصارى أولياءَ بعضهم أولياءُ بعضٍ ومن يتولهم منكُم فإنه منهم إن الله لا يهدي القَوم الظالمين (٥١)** ) [ المائدة : ٥١ ] .

واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جولەکە وگاور مەکەنە یار ویاوەر وپشتیوانی خۆتان، ئەوانە هەندێکیان پشتیوان وپشتگیری یەکترن، ئەو کەسەی پشت بەوانە ببەستێت، ئەوە هەر لەوانە و ( حسابی ئەوانی بۆ دەکرێت ) بەڕاستی خوا هیدایەتی قەومی ستەمکار نادات .

ئەمەش کە باسکرا تایبەتە بەحوکمی خاوەن کتێبەکان لە جولەکە وگاورەکان، کەحەرام بوونی خۆشەویستی وپشتیوان کردنیان دەگەیەنێت .

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی خوای گەورە قەدەغەی کردوە لەسەر ئیماناداران کە بەهیچ شێوەیەك پشتیوان وخۆشەویستی بێباوەڕان بن، لەم بارەیەشەوە فەرموویەتی : ( **يا أيها الذين آمنوا لا تتخذُوا عدوي وعدوكُم أولياءَ ..... (١)**) [ الممتحنة :١ ]

واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە دوژمنی من ودوژمنانی خۆتان مەکەنە دۆستی گیانی بەگیانی وپشتیوانی خۆتان .

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو خوای گەورە حەرام وقەدەغەی کردوە کە ئیماندران مەیل وخـۆشەویستی وپشتیوانی بێبــاوەڕان بن، هەرچەندە ئـــەو کەسەش لــە کەسە نـزیکەکـــانی بێت، لــە قورئانی پیرۆزیشدا زۆر ئـایەت تەئکید لەمـــە دەکاتەوە، وەك خوای گەورە دەفــــەرموێت : ( **يا أيها الذين آمنوا لا تتخذُوا آباءَكُم وإخوانكُم أولياءَ إن استحبوا الكُفْر على الإيمان ومن يتولهم منكُم فأُولئك هم الظالمونَ (٢٣)** ) [ التوبة : ٢٣ ] .

واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، باو و باپیرانی وبراکانتان مەکەن پشتیوان وخۆشەویستی خۆتان، ئەگەر ئەوان بێ باوەڕیان خۆش وویست وهەڵیانبژاردن بەسەر ئیمان

وباوەڕدا، هەركەس لە ئێوە پشت بەوان ببەستێت وخۆشی بوێن، ئائەوانە هەر ستەمكارن.

هەر لـــەم بارەیـــەوە خـــوای گـــەورە دەفەرموێت : ( **لَا تجِـد قَوما يؤمنونَ بِالله والْيومِ الْآخر يوادونَ مـ ـن حاد الله ورسولَه ولَو كَانوا آباءَهم أَو أَبناءَهم أَو إِخوانهم أَو عشيرتهم ....** (٢٢) ) [ المجادلة : ٢٢ ] .

واتە : كەسانێكت دەست ناكەوێت باوەڕ بهێنن بەخواو بەڕۆژی دوایی، لەكاتێكدا كەسانێكیان خۆش بوێت كە دژایەتی خواو پێغەمبەرەكەیان كردبێت، ئەگەر چی ئەو دوژمنانە باوو باپیریان بن یان نەوەیان بن یان برایان بن یان عەشیرەتیان بن .

بەڵام زۆربەی خەكی ئەم بنەما وئەصلە گەورەیان لەبیر چوە، تەنانەت هەندێك كەس لەو كەسانەش كەخۆیان بە بانگخواز دادەنێن، گوێبیستیان دەبین لەهەندێك تەلەفزێۆن وڕادیۆ عەرەبیەكانـەوە ئـەوە دووپـات دەكـەنەوە كـە دەڵێـن(گاورەكان برامانن) چەند ووتەیەكی مەترسیدارە لەسەر بیروباوەڕی مرۆڤی موسڵمان، لەكاتێكدا خوای گەورە تەنها ئیمانداری گێراوە بە برای باوەڕدار .لەگەڵ ئەوەی كە پەروەردگار واجبی كردووە لەسەر باوەڕدار كە بێباوەڕان نەكەن بە دۆست وخۆشەویستی خۆیان لەهەمان كاتدا، واجبی كردوە لەسەریشیان خۆشەویستی ودۆسـتایەتیان تـــەنهـــا بـــۆ باوەڕداران بێت، لـەم بـــارەیەشـــەوە فـەرموویەتـــی : ( **إِنما وليكُـ ـم الله ورسولُـ ـه والَّذين آمنوا الَّذين يقيمـونَ الصلَاةَ ويؤتونَ الزكَـاةَ وهم راكعونَ (٥٥)**) [ المائدة: ٥٥ ] .

واتە : بەڕاستی تەنها خۆشەویست وپشتیوانی ئێوە، هەر خواو پێغەمبەرەكەی وئەوانەن باوەڕیان هێناوە، كە نوێژەكانیان بەچاكی ئەنجام دەدەن وزەكات لەماڵ وسامانیان دەردەكەن وهەمیشە دیاردەی كڕنوش وملكەچییان بۆ پەروەردگار پێوە دیارە .

هـەروەهـا دەفـەرموێت : ( **محمد رسولُ الله والَّذين معه أَشداءُ علَى الْكُفَّار رحماءُ** بينهم **....(٢٩)** ) [ الفتح : ٢٩ ] .

واته : محمد ( صلی الله علیه وسلم ) ڕەوانەکراوی خوای گەورەیە، ئەوانەش کە لەخزمەتیدان وشوێنی کەوتون، توند وتیژن بەرامبەر بێ باوەڕان وبەبەزەیی ومیهرەبانن لە نێوان خۆیاندا .

لـە جێگایـەکی تردا دەفـەرمـوێت :( **إنما الْمؤمنونَ إخوةٌ.... (١٠)**) [ الحجرات : ١٠ ] .

واتە : لەڕاستیدا هەر باوەڕداران برای یەکترن .

کەواتە باوەڕداران برای یەکترن لە ئاین وبیروباوەڕیاندا، هەرچەند بەنەسەب ونیشتمانیان دوور بن لەیەکتر، پەروەردگاریش تەئکیـد لەمە دەکاتــەوە ودەفەرموێت ( **والذين جاءُوا من بعدهم يقُولُونَ ربنا اغْفر لَنا ولإخوانِنا الذين سبقُونا بالْإيمانِ ولَا تجعلْ في قُلُوبِنا غلًّا للذين آمنوا ربنا إنك رءُوف رحيم (١٠)** ) [ الحشر:١٠]

واتە : ئەوانەش کە بەشوێن کۆچەرییەکان وپشتیوانانندا هاتن ( تا کۆتایی دونیا ئەمە دۆعا ونزایانە وبەردەوام ) دەڵێن : ئەی پەروەردگارمان لە ئێمە ولەو برایانەشمان خۆش ببە کە پێش ئێمە ڕێبازی ئیمانیان گرتەبەر ولەدڵەکانماندا هیچ جۆرە بوغز وکینەیەك مەخەرە دڵمانەوە لە ئاستی ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، ئەی پەروەردگارمان تۆ بەڕاستی بەڕەحم وبەخشندە ومیهرەبانیت .

ئیمانداران هەر لەسەردەمی پێغەمبەری خواوە ( صلی الله علیه وسلم ) تا کۆتای هاتنی ئەم دونیایە وهاتنی ڕۆژی دوایی هەموو برای یەکترن ئەگەر چی نیشتمانیان دوور بێت لەیەکتری، وە ئەگەر چی لە ڕووی زەمەنیان کات وسەدەیەکی دوور ودرێژ هەبێت لە نێوانیاندا، پێویستە لەسەر هەموویان یەکتریان خۆش بوێت ونزای خێر وداوای لێخۆش بوون بکەن بۆ یەکتر لای پەروەردگاریان .

# نیشانه ودیاردەکانی ( الولاء والبراء )

**یەکەم : نیشانەکانی پشتیوانی بێباوەڕان .**

١- لاسایی کردنەوە وخۆچواندن پێیان لە جل وبەرگ وقسە وگوفتار وشتی تردا : لەبەر ئەوەی خۆچواندن ولاسایی کردنەوەی هەر کەس وهەرگەلێك بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستی وپشتگیری ئەو کەس وگەلە، لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمویەتی : **" من تشبه بقوم فهو منهم "** واتە : هەر کەسێك خۆی بچوێنێ بەهەر گەل وقەومێك ئەوە ئەو کەسە لەوانە .

جا لەبەر ئەوە حەرامە مرۆڤی باوەڕدار خۆی بچوێنێت بە بێباوەڕان لە تایبەت مەندیەکانیاندا بە تایبەتی لەداب ونەریت وپەرستش وخو ورەوشتیاندا، وەك ڕیش تاشین وسمێڵ هێشتنەوە ودرێژکردنی، گۆڕینی ئاوازی دەنگ وەك دەنگی ئەوان لەکاتی پێویستدا نەبێت، یان لاسایی کردنەوەی جلوبەرگی تایبەتی ئەوان – وەك بەستنی پشتێنی گاورەکان، یان لەبەر کردنی جلو بەرگی قەش وحاخامەکانیان – یان لاسایکردنەوەیان لەخواردن وخواردنەوە وشتی تریش .

٢- مانەوە وجێگیر بوون ونیشتەجێ بوون لەووڵاتی بێباوەڕاندا، - بەبێ بوونی هۆکارێکی ضرورەت - ، وکۆچ نەکردن بۆ ووڵاتی موسڵمانان لەبەر نەبوونی ئازادی لە خواپەرستی لەو ووڵاتانەدا .

لەبەر ئەوەی کۆچکردن لەووڵاتی بێباوەڕانەوە - ئەگەر هۆکارێکی ضرورەت نەبێت بۆ مانەوە لەو ووڵاتەدا – بۆ ووڵاتی موسڵمانان واجبە، چونکە مانەوە لە ووڵاتانی بێباوەڕاندا بەڵگەیە لەسەر پشتیوانی وخۆشەویستی بۆیان، هەر لەبەر ئەوە خوای گەورە حەرامی کردوە لەسەر موسڵمان کە لەووڵاتی بێباوەڕاندا بمێننەوە ئەگەر توانی کۆچ بکات، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت : **( إن الذين توفاهم الملائكةُ ظالمي أنفُسِهم قالُوا فيم كُنتم قالُوا كُنا مستضعفين في الأرضِ قالُوا ألم تكُن أرض الله واسعةً فتهاجِروا**

**فيها فأولئك مـأواهم جهنـم وساءت مصيرا (٩٧) إلا المستضعفين مـن الرجـال والنساءِ والولدان لا يستطيعونَ حيلةً ولا يهتدونَ سبِيلًا (٩٨)** ) [ النساء : ٩٧-٩٨ ] .

واته : بەڕاستی ئەوانەی کە فریشتە لەسەرە مەرگدا گیانیان دەکێشن لەکاتێکدا ئەوان هەمیشە ستەمیان لە خۆیان دەکرد، ( ئیمان وباوەڕیان لەمەترسیدا بوو کەچی کۆچیان نەدەکرد بۆ نیشتمانی ئیمان، بەتوندیی پێیاندا هەڵدەشاخێن ) ودەڵێن : باشە ئێوە لەچیدا بوون ولەکوێ ژیانتان دبردە سەر؟ لەوەڵامدا دەڵێن : ئێمە بێ دەسەڵات ولاواز کراو بووین لەزەویدا، فریشتەکان دەڵێن: باشە ئایا زەوی خوا فراوان وپان وپۆڕ نەبوو تا کۆچی تێدا بکەن و( کۆچ بکەن بۆ نیشتمانێك کە ئیمانداران تیایدا فەرمانڕەوان یاخود سەربەستن ؟ ) ئائەوانە شوێنەواریان دۆزەخە، کەجێگە وڕێگە وسەرەنجامێکی ناخۆش وناساز وخراپە**(٩٧)** مەگەر ئەوانەیان کە بەڕاستی بێ دەسەڵات وناتەوان ولاوازکراون، لەو پیاوانەی ژن ومنداڵیان لەگەڵدایە وناتوانن تەگبیر وگۆڕانکاریەك بۆ خۆیان بکەن وهیچ ڕێگەیەکیش شارەزانین بۆ چارەسەر ودەربازکردنی خۆیان **(٩٨)** .

دەبینین خوای گەورە بیانوو عوزر لەکەس قبوڵ ناکات کە لەووڵاتی بێباوەڕاندا بمێنێتەوە جگە لەکەسانی لاواز وبێ نەوا نەبێت کە ناتوانن کۆچ بکەن، هەروەها ئەو کەسانەش کە لەبەر بەرژەوەندی بانگەوازی ئیسلامی دەمێننەوە، کەمەبەستیان بڵاوکردنەوە وگەیاندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە بە کەسانی تر .

٣- سەفەر کردن بۆ ووڵاتی بێباوەڕان بەمەبەستی گەشت وگوزار وڕابواردن .

سەفەرکردن دروست نیە وحەرامە بۆ ووڵاتی بێباوەڕان مەگەر لەبەر ضرورە نەبێت، وەك سەفەر کردن بۆ چارەسەری نەخۆشی، یان بۆ بازرگانی یان بۆ خۆیندن لەبواری پسپۆڕی سوودمەندا کە نەتوانرێت ئەو پسپۆڕیە بەدەست بهێنرێت لەووڵاتی خۆی، جگە بەسەفەر کردن نەبێت بۆ ئەو ووڵاتانە، جا لەبەر ئەوە بەپێی پێویست وپڕکردنەوەی ئەو ضرورەتە دروستە سەفەر کردن، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو پێویستیە بەدەست هات ئەوا واجبە

ئەو كەسە هەر زوو بگەڕێتەوە بۆ ووڵاتەكەی خۆی .

وە مەرجێكی تر بۆ دروست بوونی ئەو سەفەر كردنە ئەوەیە ئەو كەسە ئەبێت بتوانێت تەعالیمی دینەكەی زۆر بەسەر بەرزی جێ بەجێ بكات ودووریش بكەوێتەوە لەو جێگایانەی كە شوێشنی خراپە خراپەكارین، نەوەك بكەوێتە نێو تەڵە وفڕو فێڵی بێباوەڕانەوە، وەك ووتیشمان وتەئكیدی دەكەینەوە مەرجێكی تر ئەوەیە لەبەر مەصڵەحەتی بانگەوازی ئیسلام وبڵاوكردنەوەی ڕەحمەتی ئیسلام بێت بەو گەلانەی كە بێ ئاگان لە نیعمەت وڕەحمەتەكانی دینی خوا .

٤- یارمەتی وكۆمەكی وپشتیوان كردنی بێباوەڕان دژ بە باوەڕداران، وستایش ومەدح كردنیان وبەرگری كردن لێیان .

ئەمەش خودا پەنامان بدات لە هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلامە وهۆكارێكی پاشگەز بوونەوەیە لە دینی خوای گەورە .

٥- داوای كۆمەكی لێكردن وهانا بردن بۆیان، وەدامەزراندنیان لە جێگا حەساسەكانی دەوڵەتدا كە نهێنی موسڵمانانیانی پێوە بەندە، یان بەڕاوێژگرتنیان لە كاروباری بەڕێوەبردنی ووڵاتدا.

خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت : ( **يا أيها الذين آمنوا لا تتخذُوا بِطَانةً من دونِكُم لا يألونكُم خبالًا ودوا ما عنِتم قَد بدت البغضاءُ من أفْواههم وما تخفي صدورهم أكْبر قَد بينا لَكُم الْآيات إنْ كُنتم تعقلُونَ (١١٨) ها أَنتم أُولَاءِ تحبونهم ولَا يحبونكُم وتؤمنونَ بِالْكتابِ كُلِّه وإِذَا لَقُوكُم قَالُوا آمنا وإِذَا خلَوا عضوا علَيكُم الْأَناملَ من الْغيظ قُلْ موتوا بِغيظكُم إِن الله عليم بِذَات الصدورِ (١١٩)إِنْ تمسسكُم حسنةٌ تسؤهم وإِنْ تصبكُم سيئَةٌ يفْرحوا بِها وإِنْ تصبِروا وتتقُوا لَا يضركُم كَيدهم شيئًا إِن الله بِما يعملُونَ محيطٌ (١٢٠)**)[ آل عمران : ١١٨-١٢٠ ] .

واتە :ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە، بەكەسانێكی تر جگە لەخۆتان متمانە مەكەن ونهێنی خۆتان لایان مەدركێنن، چونكە ئەوان كۆڵنادەن لەدروستكردنی تەنگانە وگیروگرفت

وناخۆشی بۆتان، ئاواتیان ئەوەیە دووچاری ئازار وکێشە ببن، ئەوەی لە سینەیاندا شاردویانەتەوە زۆر گەورە ترە لەوەی کە دەریدەخەن، بێگومان ئێمە نیشانە وبەڵگەمان بۆ دیاری کردوون ( تا دۆست لە دوژمن جیا بکەنەوە ) ئەگەر عەقڵ وژیریتان بخەنەکار**(١١٨)** ئاگادار بن! ئێوە ئەوانتان خۆش دەوێت، بەڵام ئەوان ئێوەیان خۆش ناوێت وباوەڕتان بەهەموو کتێبە ئاسمانیەکانیش هەیە ( بەڵام ئەوان باوەڕیان بە محمد – صلى اله عليه وسلم – وبەقورئان نیە ) کاتێکیش پێتان دەگەن دەڵێن : ئێمە ئیمانداریـن بەڵام کاتێك بەتەنها دەبن، پەنجەی خۆیان دەگەزن ئەوەندە ڕق ئەستوورن وداخ لەدڵن، پێیان بڵێ : دەك بمرن لەداخا، بەڕاستی خوا خۆی زانایە بەوەی کە دڵ ودەروون وسینەکاندا حەشاردراوە و ( چاکتان دەناسێت ) **(١١٩)** ئەگەر چاکەیەکتان تووش بوو،یان خێرێك ڕووی تێکردن، ئەوان پێی غەمبار دەبن وپێیان ناخۆشە، خۆ ئەگەر بەڵاو ناخۆشیەکتان بۆ پێش بێت، ئەوان پێی دڵخۆش دەبن، جائەگەر خۆگربن وپارێزکاربن، پیلان وتەڵەکەی ئەوان هیچ زیانێکتان پێناگەیەنێت، چونکە بەڕاستی خوا دەوری پیلان وپلانیانی داوە وئاگایە بەهەموو کار وکردەوە ونەخشیەکیان**(١٢٠)** .

ئیمام ئەحمـەد لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە ڕیوایەتی کردوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) کە ووتی : ووتم بە عومەری کوڕی خەتتاب ( خوای لێ ڕازی بێت ) کە نوسەرێکی نەصرانیم هەیە، ئەویش لەوەڵامدا ووتی: بۆ چیتە هەی خودا بتکوژێت، ئەی نەتبیستوە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ( **يــا أيها الذين آمنوا لا تتخذُوا اليهــود والنصــارى أولياءَ بعضهم أولياءُ بعضٍ ومن يتولهم منكُم فإنه منهم إن الله لا يهدي القَوم الظالمين (٥١)**)[ المائدة : ٥١ ] واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جولەکە وگاور مەکەنە یارو یاوەر وپشتیوانی خۆتان، ئەوانە هەندێکیان پشتیوان وپشتگیری یەکترن ....، ئەمجا پێی ووتم : ئایا ملکەچی بوویت؟ ئەبو موسی ئەڵێت ووتم : ئەی ئەمیری باوەڕداران نووسینەکەی بۆ منە ودینەکەشی بۆخۆیەتی، ئەویش ووتی : ڕێزداریان دەکەن لەکاتێکدا کە خوای گەورە سووك وڕسوای کردون، سەربەرزیان دەکەن

لەکاتێکدا پەروەردگار زەلیلی کردون، بەرز ڕایان ناگرین لەکاتێکدا خوای گەورە نزمی کردون .

هەروەها ئیمامی ئەحمەد وئیمامی موسلیم ڕیوایەتیان کردوە کە پێغەمبەری خـــــوا ( صلى الله عليه وسلم ) کاتێك ڕۆشت بۆ جەنگی بەدر پیاوێکی موشریك وبت پەرست لە ناوچەی ( الحره ) گەشت بە پێغەمبەری خوا، ووتی من ئەمەوێت لەگەڵت بێم ویارمەتیت بدەم، پێغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : بگەڕێرەوە من پشت بە موشریك نابەستم .

لەم بەڵگانەوە ئەوە تێدەگەین کە ئیماندارنابێت بێباوەڕان بکاتە پشت وپەنای خۆی، چونکە بەوکارە بێباوەڕان شارەزای نهێنی باوەڕداران دەبن وپاشتر دەبێتە هۆی زەرەر وزیانی موسڵمانان .

نمونەی ئەمانەش وەك ئەوەی ئێستا ڕوودەدات لەوڵاتی ( الحرمين ) کە خەڵك هەڵدەستێت بە هێنانی خزمەتگوزار وشوفێر وکرێکار وپەروەردەکەری منداڵان لە بێباوەڕان، وتێکەڵاو بوونیان لە گەڵ خێزانەکاندا، بێگومان ئەمەش زیانێکی زۆری هەیە بۆ سەر کومەڵگە .

٦- مێژوودانان بە مێژووی ئەوان، بەتایبەتی ئەو مێژوەی کە تەعبیر لەجەژنەکان ودابو نەریتە ئاینیەکانی ئەوان دەکات، وەك مێژوودانان بە مێژووی زاینی .

٧- بەشداری کردنیان لە جەژنەکانیان ویارمەتی دانیان لە گێڕانی ئەو جەژنانە وپیرۆز بایی لێکردنیان بە بۆنەی ئەو جەژنانەو وئامادە بوون لەگەڵیاندا .

٨- ستایش کردن وپێدا هەڵدانیان بەوەی کە شارستانین وخاوەنی شارستانیەتن وموعەجەب بوون بەڕەوشت وبەهرەکانیان، بەبێ ئەوەی سەیری بیروباوەڕی پوچ وبەتاڵیان بکەیت .

خوای گەورە دەفەرموێت : ( **ولَا تمدن عينيك إِلَى ما متعنا بِه أَزواجا منهم زهرةَ الْحياة الدنيا لنفْتنهم فيه ورزق ربك خير وأَبقَى (١٣١)** ) [ طه : ١٣١ ] .

واته : ئەی ئیماندار تۆ چاوەکانت مەبڕە ئەو نازو نیعمەتەی کە هەندێك خەڵکمان لێ بەهرەمەند کردوە، کە زینەت وڕازاوەی ژیانی دونیایە، بۆ ئەوەی لەو نازو نیعمەتە تاقیان بکەینەوە، بێگومان ڕزق وڕۆزی پەروەدگارت ( لەبەهەشتدا ) چاکتر وبەردەوامترە .

ئەمەش بەو مانایە نیە کە موسڵمانان سوود لە هۆکارەکانی بەهێز بوون وەرنەگرن لەفێروونی پیشەسازی وتەکنەلۆجیا ومقەوماتەکانی ئابوری حەڵاڵ وموباح هۆکارەکانی سەربازی کە ئێستا لە دونیادا هەن وبازاڕیان گەرمە .

چونــــکە ئەو ســـوود وقازانجـــانەی کە لەگەردونـــدا هـەن لە بنەمادا هی موسڵمانانن وەك خوای گەورە دەفەرموێت:( **قُلْ من حرم زينةَ الله التي أخرج لعباده والطيبات من الرزقِ قُلْ هي للذين آمنوا في الْحياة الدنيا خالصةً يوم الْقيامة كَذَلك نفَصلُ الْآيات لقَومٍ يعلَمونَ (٣٢)** )[ الاعراف: ٣٢]

واتە: ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تۆ بڵێ : ئەوە کێیە پۆشاك وزینەت وجوانیە خواییەکانی لە بەندەکانی حەرام کردووە کە لەبنەڕەتدا خۆی بۆی بەدیهێناون

هــــــەروەهـــــــا دەفـــــەرموێت : ( **وسخر لَكُم ما في السماوات وما في الْأَرضِ جميعا منه إِن في ذَلك لَآيات لقَومٍ يتفَكَّرونَ (١٣)** ) [ الجاثية : ١٣ ] .

واتە:هەموو ئەوەی هەیە لەزەوی وئاسمانەکاندا بۆ خزمەتی ئێوەم دروست کردوە.

جا لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر موسڵمانان کە ئەوان دەست پێشخەربن لە بەهەڵ وەرگرتنی ئەو ووزە سوود بەخشانەدا .

٩- ناونان بەناوی ئەوانەوە .

بە شێوەیەك ئێستا وای لێهاتوە کە هەندێك لە باوەڕداران ناوی منداڵەکانیان بەناوە بێگانەکانەوە دەنێن ووازیان هێناوە لەناوی باوباپیرانی خۆیان و ئەو ناوانەشی کە لەکۆمەڵگە موسڵمانەکاندا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : **" خير الأسماء عبد الله وعبد الرحمن "** واتە : چاکترین ناوێك – لای خوای گەورە - ناوی عەبدوڵڵا و عەبدوڕەحمانە " .

١٠- داوای لێخۆش کردن بۆیان وڕەحمەت ناردن بۆیان:

خوای گەورە ئەمەی حەرامی کردووە بە دەقی قورئانی پیرۆز، وەك دەفەرموێت :( **ما كَانَ للنبِي والذين آمنوا أنْ يستغفروا للْمشركين ولَو كَانوا أولي قُربى من بعد ما تبين لَهم أنهم أصحاب الْجحيم (١١٣)** ) [ التوبة : ١١٣ ] .

واتە : بۆ پێغەمبەر وئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ڕەوا نیە داوای لێخۆش بوون بۆ موشریك وهاوەڵگەران بکەن، هەرچەندە ئەوانە خزمی نزیکیش بن، دوای ئەوەی کە بۆیان ڕوون بوەتەوە کە بەڕاستی ئەوانە نیشتەجێی دۆزەخن ( بەهۆی بێ دینی وتاوان وگوناهیانەوە ) .

## دووەم : نیشانە ودیاردەکانی خۆشەویستی وپشتگیری بۆ باوەڕداران

١- کۆچکردن بۆ وولاتی باوەڕداران وجێهێشنتی نیشتمانی بێباوەڕان .

کۆچکردن بریتی یە لە گواستنەوە وجێهێشتن لەوولاتی بێباوەڕانەوە بۆ وولاتی ئیمانداران، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە بتوانێت تەعالیمی دینەکەی بە ئازادی جێ بەجێ بکات .

کۆچکردنیش بەم مانایە واجبە لەسەر هەموو تاکێك وهەر بەردەوامیش دەبێت تا ڕۆژی دوایی، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : "**أنا بريء ممن يقيم بين أظهر المشركين** " واتە : من بەریم لەو کەسەی کە لەنێو موشریکەکاندا دەمێنێتەوە و نیشتەجێ دەبێت .

جا لەبەر ئەوە حەرامە باوەڕدار لەو وولاتانەدا بمێنێتەوە، مەگەر ( **اللهم** ) نەتوانێت کۆچ بکات وڕێگا نەدرێت، یان لە مانەوەیدا بەرژەوەندی ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەبێت،

وەك ئەوەی مەبەستی بانگەواز كردنی خەڵكی بێت بۆبەها جوانەكانی ئیسلام .

٢- سەرخستن ویارمەتی دان وكۆمەكی كردنی باوەڕداران بەهەموو شێوەیەكی مەشروع وڕێگا پێدراو.

خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت : ( **والْمؤمنونَ والْمؤمنات بعضهم أولياءُ بعضٍ يأمرونَ بِالْمعروف وينهونَ عنِ الْمنكَر ويقيمونَ الصلَاةَ ويؤتونَ الزكَاةَ ويطيعونَ الله ورسولَه أُولَئك سيرحمهم الله إِن الله عزيز حكيم (٧١)** ) [ التوبة:٧١] .

واتە : ئیمانداران لەپیاوان وئافرەتان هەندێكیان خۆشەویست وپشتگیر وهاوكاری یەكترن ( كە ئەمەش سیفەتیانە ) فەرمان بەچاكە دەكەن وقەدەغە لەخراپە دەكەن ونوێژەكانیان بەچاكیئەنجام دەدەن وزەكاتیماڵیشیان دەردەكەن وگوێڕایەڵ وفەرمانبەرداری خوا وپێغەمبەرەكەی دەكەن، ئائەوانە لە ئایندەدا خوا ڕەحمیان پێ دەكات وسۆزی دەبێت بۆیـان، بەڕاستی خوا باڵا دەست ودانایە .

٣- هەست كردن بە ئازار وناڕەحەتیان، وە دەربڕینی خۆشی بە شادی ودڵخۆش بوونیان .

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : **" مثل المؤمنين في توادهم وتعاطفهم وتراحمهم كالجسد الواحد إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالحمى والسهر " .**

واتە : نموونەی باوەڕداران لە خۆشەویستی وسۆز وبەزەی بۆیەكتری لە نێو خۆیاندا، وەك یەك لاشە وجەستە وان، كاتێك ئەندامێكی ئەو جەستەیە ئازارێكی پێدەگات، هەموو ئەندامەكانی تری ئەو جەستەیە هەست بە ئازار وناڕەحەتی دەكەن وشەو نوخونی بۆ دەكێشن .

لە فەرمودەیەكی تردا دەفەرموێت : **" المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضا، وشبك بين أصابعه " .**

واته : باوەڕدار بۆ باوەڕدار وەك نموونەی كۆشكێك وایە كە هەندێكی هەندێكی تری بەستوەتەوە، پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) لەم كاتەدا پەنجەكانی كرد بە نێو یەكتردا ( واتە ئابەم شێوەیە یەكتر دەبەستنەوە ) .

٤- ئامۆژگاری خێریان بكەیت و وەچاكەخواز بیت بۆیان وبەهیچ شێوەیەك فڕو فێڵ وغەشیان لێ نەكەیت .

لەم بارەیەوە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت **" لایؤمن أحدكم حتی یحب لأخیه ما یحب لنفسه " .**

واته : باوەڕتان تەواو نابێت هەتاوەكو ئەوەی بۆخۆتان پێتان خۆشە بۆ براكەشتان پێتان نەبێت .

هەروەها دەفەرموێت : **" المسلم أخو المسلم لا یحقره ولا یخذله ولا یسلمه، بحسب امريء من الشر أن یحقر أخاه المسلم، كل مسلم علی المسلم حرام دمه وماله وعرضه" .**

واته : موسڵمان برای موسڵمانە، نە بەسووك سەیری دەكات ونە زەلیلیشی دەكات، وە نە تەسلیمی بێباوەڕانیشی دەكات، موسڵمان بەسە بۆ ئەوەی گوناهبار ببێت كە براكەی بەسووك سەیر بكات، خوێن وماڵ وناموس وشەرەفی هەموو موسڵمانێك لەسەر موسڵمانێكی تر حەرامە .

٥- ڕێزگرتنی و بەسووك سەیر نەكردنی :

خوای گەورە دەفەرموێت :( **یا أیها الذین آمنوا لا یسخر قوم من قومٍ عسی أنْ یكونوا خیرا منهم ولا نساءٌ من نساءٍ عسی أنْ یكن خیرا منهن ولا تلمزوا أنفسكم ولا تنابزوا بالألقاب بئس الاسم الفسوق بعد الإیمان ومن لم یتب فأولئك هم الظالمونَ (١١) یا أیها الذین آمنوا اجتنبوا كثیرا من الظن إن بعض الظن إثم ولا تجسسوا ولا یغتب بعضكم بعضا أیحب أحدكم أنْ یأكلَ لحم أخیه میتا فكرهتموه واتقوا الله إن الله تواب رحیم (١٢)** ) [ الحجرات : ١١- ١٢ ] .

واته : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هیچ کەس وهیچ هۆزێك گاڵتە بەکەس وهۆزێکی تر نەکات وزەلیلی نەکات، چونکە لەوانەیە ئەوان چاکتربن لەمان، ژنانیش باگاڵتە بەیەك نەکەن ویەکتر زەلیل نەکەن، چونکە لەوانەیە ئەمان لەوان چاکتربن ... سوکایەتی بەخۆتان مەکەن ویەکتری عەیبدار مەکەن ( چونکە سووکایەتی بەیەکتر سووکایەتی یە بەخۆتان ) هەروەها ناو وناتۆرەی ناشیرین بۆ یەکتر دامەتاشن، ئای کە چەند ناشیرینە ناو وناتۆرەی خراپ لە دوای باوەڕهێنان وموسڵمان بوونن ئەوەش تەوبەی نەکردبێت وپەشیمان نەبوبێتەوە لە گوناهەکانی، جا ئەو جۆرە کەسانە هەر ستەمکارن (١١) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان زۆر بپارێزن لە گومانی خراپ، لەڕاستیدا هەندێ لەو گومانانە گوناهو تاوانن ( بۆیە حەق وایە لەهەموو گومانێك خۆپارێزبین ) بەشوێن کەمو کوڕیی وعەیب وعاری یەکتردا مەگەڕێن وسخوڕی مەکەن ولەپاش ملە باسی یەکتری وناوی یەکتر بەخراپە مەبەن، ئایا کەستان پێی خۆشە کە گۆشتی برای خۆی بەمردووی بخوات؟! دیارە کاری واتان زۆر پێ سەخت وناخۆشە، دەی کەواتە لەخوا بترسن وپارێکاربن، چونکە بەڕاستی خوا گەڕانەوە وتەوبەی خەڵکی وەردەگرێت وو زۆریش میهرەبانە**(١٢)** .

٦- لەهەموو کاتێکدا لەگەڵی بێت لەکاتی خۆشی وناخۆشی، لەکاتی ئاسایی وکاتی تەنگانەی .

ئەمەش بە پێچەوانەی کەسانی دوو ڕوو ( منافق ) وەیە کە تەنها لەکاتی خۆشی وشادیدا لەگەڵ باوەڕداراندان، وە لەکاتی تەنگانەدا پشتیان لێ دەکەن وبەجێیان دەهێڵن .

لەم بارەیەشەوە خوای گەورە دەفەرموێت : ( **الذين يتربصونَ بِكُم فَإنْ كَانَ لَكُم فَتح من الله قَالُوا ألَم نكُن معكُم وإِنْ كَانَ للكَافرين نصيب قَالُوا ألَم نستحوذْ علَيكُم ونمنعكُم من المُؤمنِين .... (١٤١)** ) [ النساء : ١٤١ ] .

واتە : ئەوانەی خۆیان بۆ ئێوە مەڵاسداوە چاوەڕوانی بەسەرهاتتان دەکەن، ئەگەر

سەرکەوتنێکتان لەلایەن خواوە دەست بکەوێت، دەڵێن : ئەی ئێمە لەگەڵتاندا نەبووین؟!
خۆ ئەگەر بێباوەڕان بەشێکیان ببێت لەسەرکەوتن، دووڕووەکان دەڵێن : ئایا ئێمە لەسەر ئێوەمان نەدەکردەوە ونەمان هێشت ئیمانداران زیانتان پێبگەیەنن .

٧- سەردان وزیارەت کردنیان، وە پێت خۆش بێت لەگەڵیان کۆببیتەوە وپێیان بگەیت:

لە فەرموودەیەکی قودسیدا هاتووە کە خوای گەورە دەفەرموێت : **" وجبت محبتي للمتزاورين فيَّ "** واتە : خۆشەویستی من واجب دەبێت بۆ ئەو کەسانەی لەبەر ڕەزامەندی وخاتری من سەردانی یەکتری دەکەن .

٨- ڕێزگرتنی مافەکانیان :

نابێت کڕین وفرۆشتن بکات بەسەر کڕین وفرۆشتنی براکەیدات وە نابێت خوازبێنی بکات بەسەر خوازبێنی براکەیدا، وەبەهیچ شێوەیەك کارێك نەکات براکەی بەهۆی مامەڵەی ئەمەوە زیانێکی پێ بگات .

فەرموودەیەکی صەحیح لەم بارەیەوە هاتوە کە دەفەرموێت : **" ألا يبيع الرجل على بيع أخيه ولا يخطب على خطبيته " .**

واتە : نابێت مرۆڤی باوەڕدار کڕین وفرۆشتن بکات بەسەر کڕین وفرۆشتنی برا باوەڕدارەکەیدا، وە خوازبێنیش نەکات بەسەر خوازبێنی ئەودا .

٩-نەرم ونیانی لەگەڵ لاواز و بێنەواکانیاندا :

لەم بارەیەشەوە پێشەوای ئازیزمان فەرموویەتی : **" ليس منا من لم يوقر كبيرنا ويرحم صغيرنا " .**

واتە : لە ئێمە نیە کەسێك کە ڕێزی پیر وگەورەکانمان نەگرێت وبەسۆز وبەڕەحم نەبێت بەرامبەر بە منداڵەکانمان .

خـوای گــەورەش دەفـەرموێـــت :( **واصبِر نفْسك مع الذين يدعونَ ربهم بِالْغداة والْعشي**

**يريدونَ وجهه ولا تعد عيناك عنهم تريد زينةَ الحياة الدنيا .. (٢٨)** )[ الكهف : ٢٨ ] .

واته : ئارام بگره وخۆت ڕابگره لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە خواپەرستی دەکەن ویادی پەروەردگاریان ویردی سەرزاریان لە بەرەبەیان ودەمەو ئێواراندا، مەبەستیانە کە ئەو زاتە لەخۆیان ڕازی بکەن، ڕوو لەوان وەرمەگێڕە و ( ڕوو مەکە دونیا پەرستان ودەوڵەمەندە چاو چنۆکەکان ) ئایا تۆ زینەت وڕازاوەی دونیات دەوێت؟! .

١٠- نزاو پاڕانەوە وداوای لێخۆش بوون لای پەروەردگار بۆیان :

پەروەردگار لەم بارەیەوە دەفەرموێت:( **فَاعلم أنه لا إله إلا الله واستغفر لذنبك وللمؤمنين والمؤمنات والله يعلم متقلبكُم ومثْواكُم (١٩)** )[ محمد : ١٩ ] .

واته : داوای لێخۆش بوون بۆ خۆت وهەموو پیاوان وئافرەتانی باوەڕدار بکــە.

هـەروەهــا لە جێگایەکی تـــردا دەفەرموێت : ( **والذين جاءُوا من بعدهم يقُولُونَ ربنا اغْفر لنا ولإخوانِنا الذين سبقُونا بِالإيمان ولا تجعلْ في قُلُوبِنا غلا للذين آمنوا ربنا إنك رءُوف رحيم (١٠)** ) [ الحشر: ١٠ ] .

واته : ئەی پەروەردگار لە گوناهی ئێمە وگوناهی براکانیشمان خۆش ببە ئەوانەی کە لەپێش ئێمەوە بە ئیمانەوە مردوون ...

بــەڵام ئـــەو ئایەتیە هاتوە کــە دەفەرمـوێت:( **لا ينهاكُــم اللّــه عنِ الذين لم يقَاتلُوكُــم في الدينِ ولَم يخرِجوكُم من دياركُم أَنْ تبروهم وتقْسِطُوا إِلَيهم إِن الله يحب الْمقْسِطين** )[ الممتحنة: ٨ ] .

واته : دڵنیا بن کە خوای گەورە قەدەغەی ئەوەتان لێ ناکات کەچاکە ڕەفتاری ودادپەروەری بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا جەنگیان دژ نەکردون ودژایەتی ئاینیان نەکردون ولەشوێنەوارتان دەریان نەکردون، چونکە بەڕاستی خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێت .

واتای ئەوە دەگەیەنێت هەر کەس وازی هێنا لە ئازار وئەشکەنجەی باوەڕداران ونەجەنگا دژیان ودەری نەکردن لەشار وجێگای خۆیان، ئەوە لەسەر موسڵمانان واجبە

ئەوانیش هەر بەو شێوەیە لەگەڵیان ڕەفتار بکەن، ڕەفتاریان چاکە وئیحسان دادپەروەری بێت وبەوهیچ شێوەیەك زوڵم وستەمیان لێ نەکەن، وە خۆشەویستی دڵیش ئەوە تەنها تایبەتە بە ئیماندرانەوە و ناچێتە ئەو چوار چێوەیەوە، چونکە خوای گەورە نەیفەرمووە خۆشتان بوێن و پتشگیریان بن لە خراپە خراپەکاریدا .

نموونەی ئەمەش جارێکی تر هاتوە لە باسی چاکە کردن لەگەڵ دایك وباوکی بێباوەڕدا، وەك پەروەردگار فەرمویەتی:( **وإِنْ جاهداك على أنْ تشرك بِي ما ليس لك بِه علْم فَلَا تطعهما وصاحبهما في الدنيا معروفًا واتبِع سبِيلَ من أناب إِلَي ثُم إِلَي مرجِعكُم فَأُنبِئُكُم بِما كُنتم تعملُونَ (١٥)** ) [ لقمان : ١٥ ] .

واتــە : ئەگەر دایك وباوکت کۆششیان لەگەڵتا کرد، تا بەبێ هیچ بەڵگە وزانیاریەك هاوەڵ بۆ من بڕیار بدەیت، ئەوە فەرمانبەرداریان مەبە وبەقسەیان مەکە، لە دونیایشدا وا لــەگـەڵیان ڕەفتار بکە کەخزمەتگوزارێکی چاك بیت بۆیان لەهەموو بار ودۆخێکدا شوێن ڕێبازی ئەوانە بکەوە کە بۆ لای من گەڕاونەتەوە ...

دایکی ئەسما هات بۆلای پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) داوای کرد کە صلەی ڕەحم لەگەڵ دایکیدا جێ بەجێ بکات وزیارەتی بکات لەکاتێکدا دایکی بێباوەڕ بوو، ئەویش فەرمووی پێی : صلەی ڕەحم لەگەڵ دایکتا جێ بەجێ بکـە، بەڵام خوای گەورەش فـەرموویەتی : ( **لَا تجِد قَوما يؤمنونَ بِالله والْيــ ــومِ الْآخرِ يوادونَ من حاد الله ورسولَه ولَــو كَــانوا آَباءَهــ ـم أَو أَبناءَهم ... (٢٢)** ) [المجادلة : ٢٢].

واتە: کەسانێکت دەست ناکەوێت باوەڕ بهێنن بەخواو بەڕۆژی دوایی، لەکاتێکدا کەسانێکیان خۆش بوێت کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەیان کردبێت، ئەگەر چی ئەو دوژمنانە باوو باپیریان بن یان نەوەیان بن .....

صلەی ڕەحم وچاکە کردنی دونیای شتێکە وخۆش وویستنی باوەڕیش شتێکی ترە .

لەبەر ئەوەش کە لە بەجێگەیاندنی صلەی ڕەحم ومامەڵەی جواندا هۆکارێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی سەرنج ودڵی بێباوەڕان بەلای ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ڕابکێشیت وببێت بەهۆی

موسڵمانان بوونیان، بەڵام خۆش وویستن و پتشگیری کردنیان شتێکی ترە کە نابێت بکرێت، چونکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕازی بیت بە ئەو کارو بارانەی ئەوان دەیکەن ئەمەش هاندانی بێباوەڕان دەگەیەنێت لەسەر کارەکانیان .

وە تێبینیەکی تریش ئەوەی کاتێك کە دەڵێین نابێت بێباوەڕانمان خۆش بووێت، ئەوە ناگەیەنێت کە دروستیش نیە بازرگانی ئاڵوگڕی کڕین وفرۆشتنیان لەگەڵدا بکەین، نەخێر بەڵکو دروستە بازرگانیان لەگەڵدا بکرێت لەو شتومەك وکاڵایانەی کە حەرام نین یان موباحن، هەروەها سوود وەرگرتن لە بەهرە وپسپۆڕیان لەو کارانەی کە موسڵمانان پێویستیان پێیەتی .

ئەوتانێ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) عەبدوڵڵای کوڕی ئەریقطی بەکرێ گرت بۆ ئەوەی دەلیلی بێت لە ڕێگای هەجرەتیدا، لەگەڵ ئەوەی بێباوەڕیش بوو، یان زۆر ئاسایی کڕین وفرۆشتنی لەگەڵ جولەکەکانی مەدینەدا کردوە بگرە قەرزیشی لێکردون .

## جۆرەکانی خەڵك

## کە پویستە ( ولاء و براء ) ت هەبیێت بۆیان

خەڵکی لە خۆش وویستن وپتگشیری نەکردنیان دەبکرێن بەسێ بەشەوە :

**بەشی یەکەم :** ئەوانەی کە واجبە تەواو خۆشت بوێن وبەهیچ جۆرێك دژایەتیان نەکەیت .

ئەمەش بۆ ئەو کەسانە دەبێت کە ئیماندارای پاڵفتەن، وەك پێغەمبەران وڕاستگۆیان ( الصديقين) وشەهیدان وپیاوچاکان ( الصالحين ) .

لە پێشی پێشی هەمووشیانەوە بۆ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )، چونکە واجبە باوەڕدار زیاتر لەخۆی ودایك وباوکی وتەواوی خەڵکی ئەوی لەهەموو کەس زیاتر خۆش بووێت .

پاشان خۆشەویستی خێزانەکانی وئەهل وبەیتە پاکەکانی، هەروها هاوەڵە

بەڕێزەکانی، بەتایبەتی هەر چوار خەلیفەی ڕاشدین وکەسانی تریش لە ( العشره المبشره ) وکۆچەریەکان ویاریدەدەران وتەوای بەشداربوانی جەنگی بەدر وبەیعەی ڕضوان و سەرجەم هاوەڵانی خۆشەویستی تریشی ( خوایان لێ ڕازی بێت ) . .

پاش ئەوانیش خۆشەویستی تابعیە بەڕێزەکان وچەرخی زێرینی ئیسلام وپێشینی چاکەی ئومەتی ئیسلام، بەتایبەتی ئیمامی هەر چوار مەزهەبەکەی ئەهلی سوننەت وجماعەت ( ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ) .

ئەوەش بزانە هەر کەس باوەڕ لەدڵ ودەروونیدا چەسپیبێت ڕق وکینەی لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا نابێتەوە .

بەڵکو ئەهلی گومان ونفاق ونەیارانی ئەم ئاینە ڕقیان لێیان دەبێتەوە، لە خەوارجەکان وڕافضەکان، خوای گەورە بمان پارێزێت لێیان .

**بەشی دووەم :** ئەوانەی کە واجبە خۆشت نەوێن وهەرگیز پشتو پەنایان نەبیت :

ئەوانەش بێباوەڕی تەواون لە موشریکین دوو ڕووەکان وئەو کەسانەشی ئینکاری بوونی خودا دەکەن، بەهەموو جۆرەکانیانەوە .

ئەوتانێ خوای گــەورە سەرزەنشتی بەنی ئیسرائیل دەکـات ودەفـــەرموێت : ( **ترى كَثيرا منهم يتولونَ الذين كفَروا لَبِئْس ما قَدمت لَهم أَنفُسهم أَنْ سخطَ الله عليهم وفي الْعذَابِ هم خالدونَ (٨٠) ولَو كَانوا يؤمنونَ بِالله والنبِي وما أُنزِلَ إِلَيه ما اتخذُوهم أَولياءَ ولَكن كَثيرا منهم فَاسقُونَ (٨١)** )

[ المائدة : ٨٠-٨١] .

واتە : زۆربەیان دەبینیت ڕازین بەخۆشەویستی وپشتیزانی ئەوانەی کە بێباوەڕ بوون، سوێند بەخوا دەست پێشکەرییەکی خراپیان بۆ خۆیان ئەنجامداوە کەخوایان لەخۆیان تووڕە کردووە ( بەو کارەیان ) ، ( لەقیامەتیشدا ) لەناو سزای دۆزەخدا دەبێت بۆ هەمیشە بمێننەوە**(٨٠)** خۆ ئەگەر ئەوانە باوەڕیان بەخوا وبەم پێغەمبەرە وئەو قورئانە ببوایە کە بۆی دابەزیوە، ئەوە ئەوانەیان نەدەکرد بەخۆشەویست وسەرپەرشتیاری

خۆیان، وپشتیان بەوان نەدەبەست، بەڵام زۆربەیان تاوانبار ولادەر ویاخین و( حەق وڕاستی مەبەستیان نیە، بەڵکو بەردەوام دژایەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن ) **(٨١)** .

**بەشی سێهەم :** هەندێك کەس هەیە تۆ لە ڕوویەکەوە خۆشت دەوێت، وە لەڕوویەکی تریشەوە ڕقت لێی دەبێتەوە :

هەندێك کەس خۆشەویستی وڕق بوونەوەش لێیان لەیەك کاتدا تیایاندا کۆدەبێتەوە، ئەوەش کەسانی گوناهباران دەگرێتەوە، لەو ڕوەوە خۆشت دەوێت کە ئەهلی ئیمانە، لەو ڕوەشەوە ڕقت لێی دەبێتەوە کە گوناهبارە و زۆر گوێ بە طاعەتی خوای گەورە نادات.

خۆشەویستیەکەشت بۆیان دەبێت بەو شێوەیە بێت کە ئامۆژگاریان بکەیت وقەدەغەیان بکەیت لەو گوناهەی کە سەرپێچی پەروەردگارە، جا لەبەر ئەوە دروست نیە مرۆڤی باوەڕدار بێ دەنگ بێت لە گوناهی ئەو کەسانە، لەهەمان کاتیشدا فەرمانیان پێ بکەیت بە چاکە وقەدەغەشیان بکەیت لە خراپە، خۆ گەر دەسەڵاتیش هەبوو، بەشێوەیەك کە حکومەت وسلطە دار بوویت دەبێت سەرجەم ئەحکامەکانی ئیسلامیان بەسەردا جێ بەجێ بکەیت، تاوەکو واز دێنن لەو خراپەیە وچاکە جێگەیان دەگرێتەوە، هەروەك چۆن پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە ئەحکامەکانی جێ بەجێ کرد بەسەر دانیشتوانی ئەو شارە ودەوروبەریدا .

جا ئەو جۆرە کەسانە کە ئیمانداران، بەڵام گوناهـ وتاوان دەکەن ناکرێت تەواو ڕقت لێیان بێتەوە وبەهیچ شێوەیەك خۆشت نەوێن، وەك خەوارجەکان باوەڕیان وابوو، ئەوەی گوناهی گەورە بکات لە دین پێی دەچێتە دەرەوە.

وە ناکرێت خۆشەویستی تەواویشیان بۆ دەرببڕیت ولەهەمووکارێکیاندا پشتگیریان بکەیت، وەك ئەوەی ( مرجئە ) کان باوەڕیان وابوو، کە لەگەڵ ئیماندا هیچ گوناهێك زیانی نیە، بەڵکو ئەهلی سوننەت وجماعەت لەم مەسئەلەیەدا ( معتدل ) میانەڕەون، ئەویش بەو جۆرەی ئەو کەسانەی کە ئیمانداران ولەهەمان کاتدا گوناهـ وتاوان دەکەن،

هێندەی ئیمانەکەیان دەبێت خۆشت بوێن، وەهێندەی تاوان وگوناهەکەشیان خۆشت نەوێن وئامۆژگاری بەردەوامت هەبێت بۆیان .

جاخۆشەویستی لەبەر ڕەزامەندی خوا وڕق بونەوەش هەر لەبەر ڕەزامەندی خوا، یەکێکە لەبنەما وئەرکانەکانی ئیمان، چونکە مرۆڤ لە ڕۆژی دوایدا لەگەڵ ئەو کەسەدایە کە خۆشی وویستوە لە دونیادا، وەك لەفەرموودەی صەحیحدا هاتووە.

بەڵام زۆر بەداخەوە ئێستا لەم ڕۆژەدا خەڵکی هەموو خۆشەویستی وڕق بونەوەیەکیان لەبەر بەرژەوەندیەکانی دونیایە، جا وای لێهاتوە هەرکەس پارەو سەروەت وسامانی هەبێت خەڵکی پشتی دەگرن وخۆشیان دەوێت ئەگەر دوژمنی خوا وپێغەمبەرەکەشی بن ( صلى الله عليه وسلم ) .

وەهەر کەسیش طموعی دونیای نەبێت وسامان وپارەوپوڵی نەبێت، خەکانێك خۆشیان ناوێت ئەگەر ئەو کەسە یەکێکیش بێت لە وەلی و خواناسەکان .

ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی فەرموودەیەکی قودسی کردوە، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی : " خوای گەورە دەفەرموێت : " **من عادى لي ولياً فقد آذنته بالحرب "** ( رواه البخاري ).

واتە : هەرکەس دژایەتی وەلی وخواناسێکی من بکات ئەوە با بزانێت من شەڕم لەگەڵدا ڕاگەیاندوە .

وە خراپترین کەسێکیش کە دژایەتی خوا بکات ئەو کەسانەن کە دژایەتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وهاوەڵە بەڕێزەکانی دەکەن وجنێو وقسەی ناشیرینیان پێ دەڵێن ولە پلە وپایە ومەکانەتیان کەم دەکەنەوە .

پێغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی : **" الله الله في أصحابي لاتتخذوهم غرضا، فمن آذاهم فقد آذاني، ومن آذاني فقد آذى الله، ومن آذى الله يوشك أن ياخذه "** ( أخرجه الترمذي وغيره ) .

واتە : الله الله لەهاوەڵەکانی من، دەخیلتانم ڕقتان لێیان نەبێتەوە، چونکە هەرکەس

ئەزیەت وئازاریان بدات، ئەوە ئازاری منی داوە، وەهەرکەس ئازاری من بدات ئەوە خوای گەورەی ئازار داوە وتۆراندویەتی، وەهەرکەسیش خوای گەورە ئازار بدات ئەوە بابزانێت زۆر نزیکە خوا بیگرێت وسزا وغەزەبی خۆی بڕێژێت بەسەردا .

بەڵام زۆر بەداخەوە ئێستا قسە وجنێودان بە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خـوا ( صلى الله عليه وسلم ) لای هەندێك لە کۆمەڵە وگرۆهە سەر لێشێواوەکان بووە بە ڕوکنێکی گەورە لە ئاین و بیروباوەڕیان .

پەنا دەگرین بەخوا لەوەی خەشم وقینی خۆی بڕێژێت بەسەرماندا، وە داوای لێخۆش بوون ولێبوردنی لێ دەکەین لەوەی کە بەتاوانی کەسانی گێل ونەفام لە خۆمان بمانگرێت وسزامان بدات.

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم .

والسلام عليكم ورحمه الله وبركاته .

## پێرستی ئەم نامیلکەیە


***بابەت*** ... ***لاپەڕە***

پێشەکی ........................................................................ ٢

نیشانە ودیاردەکانی ( الولاء والبراء ) ..........................................٧

نیشانە ودیاردەکانی خۆشەویستی بۆ باوەڕداران .............................١٥

جۆرەکانی خەڵك کە پێویستە ( ولاء وبراء ) ت هەبێت بۆیان...............٢٤

پێرستی ئەم نامیلکەیە ...........................................................٢٩